# پرسی کشانەوەی ئەمریکا: ئایا بەڕاستی ئەگەری سەرهەڵدانەوەی داعش لە ئارادایە؟

**د. زوبێر ڕەسووڵ**، دکتۆرا لە زانستە سیاسییەکان و پەیوەندییە هەرێمییەکان

**دەسپێک**

پرسی سەرهەڵدانەوە و زیندووبوونەوەی داعش تا ئێستایش بەشێکە لە گوتاری سیاسی و سەربازی لە عێراق و سووریا، بەتایبەت دوای دووبارە سەرهەڵدانەوەی مشتومڕی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق؛ بە جۆرێک هەر کات باس لە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا دەکرێت، یەکێک لە پرسە هەرە سەرەکییەکان کە لە ئاستی بەشێک لەلایەنە سیاسییەکان و ئاستی ئەکادیمییش باس دەکرێت، ئەگەری سەرهەڵدانەوەی مەترسیی داعشە.

لەم نووسینەدا دەمانەوێ تێگەیشتنێکی ڕوونمان هەبێت بۆ ئەو پرسیارەی کە ئایا بەڕاستی دوای کشانەوەی ئەمریکا، ئەگەری دووبارە سەرهەڵدانەوەی داعش لە ئارادایە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستمان بە تێگەیشتنە لە دوو پرسی تر کە بە ئەگەری زۆر بەشێک دەبن لە لێکەوتەی کشانەوەی ئەمریکییەکان لە عێراقدا: **یەکەم**، هەڵکشانی ڕۆڵی گرووپ و میلیشیاکانی نزیک لە ئێران لەناو حکوومەت و دامەزراوە سیاسییەکاندا. **دووەم**، ئەگەری دووبارە قووڵبوونەوەی ململانێ ئیتنی و تائیفییەکان.

**یەکەم/ هەڵکشانی ڕۆڵی سیاسی و سەربازیی گرووپ و میلیشیاکانی نزیک لە ئێران**

بەڵگەنەویستە ئەو لایەنانەی ئێستا گوشاری دەرکردنی هێزە ئەمریکییەکان دەکەن لە عێراق، هیچ پەیوەندیی بە پرسی سەروەری و دەستوەردانی دەرەکی نییە لە کاروباری عێراق، بەڵکوو پرسەکە ئەوەیە کە بوونی ئەمریکییەکان لە عێراق لەمپەرێکە لە بەردەم کۆنتڕۆڵی تەواوی هێزە سیاسی و میلیشیاکانی نزیک لە ئێران کە بەتەواوی کۆنترۆڵی دەزگە و دامەزراوە سەربازییەکانی عێراق بکەن. هەرچەندە لە ئێستادا ئەم گرووپ و لایەنانە کۆنتڕۆڵی حکوومەت و پەرلەمان و زۆربەی دامەزراوە سیاسی، یاسایی و سەربازییەکانیان کردووە، بەڵام هێشتا جۆرێک لە بەربەستیان لە بەردەم ماوە بەوەی بتوانن بەکەیفی خۆیان پڕۆسەی سیاسی لە عێراقدا ئاراستە بکەن. **هەرچەندە هێزەکانی نزیک لە ئێران سەرکەوتوو بوونە لە بڵاوەپێکردن و شکاندنی یەکگرتوویی گوتاری سیاسیی سوننە و کورد، بەڵام تا ئێستا کورد و سوننە بەتەواوی ملکەچی ئەو گوشارەی هێزە شیعەکان نەبوون.** چ لە هەرێمی کوردستان و چ لەناو سوننەکانیش تا ئێستا زۆرینەی سیاسی لە دژی گوتاری زاڵی ئەو ئاراستە سیاسییەی نزیک لە ئێرانن. هەڵبەتە لەناو شیعەکانیش ئەو ئاراستەیەی خۆبەدوورگرتن لە تێکەڵنەبوون بە کێشەکانی ئێران لە ناوچەکەدا هەیە، بەڵام لە ڕووی سیاسییەوە لاوازن، بەتایبەت دوای کشانەوەی سەدر لە پڕۆسەی سیاسی ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو مەیدانە واڵاتر دەبێت لە بەردەم ئەو ئاڕاستە سیاسییەی کاریگەرە بە هەژموونی ئێران لە عێراق و ناوچەکەدا. بە ڕەچاوکردنی ئەو فاکتەرە دەتوانین بڵێین کە بە کشانەوەی ئەمریکا لە عێراق هیچ بەربەستێک یان گەرەنتییەک نامێنێت بۆ پاراستنی ئەو هاوسەنگییە کەمەی کە ماوە لە نێوان سێ پێکهاتە سەرەکییەکەی

(شیعە، کورد، سوننە) کە بنەمای حوکمڕانیی عێراقی دوای ٢٠٠٣ لەسەر داڕێژراوە.

**دووەم/ قووڵبوونەوەی ململانێ تائیفییەکان**

فاکتەری یەکەم، واتە باڵادەستبوونی زیاتری میلیشیا و هێزە پرۆکسییەکانی ئێران لە عێراقدا دەبێتە هۆی گەشەکردنی فاکتەرێکی تر، ئەویش قووڵبوونەوەی ململانێ ئیتنی و تائیفییەکانی نێوان کورد و شیعە و سوننە و پێکهاتەکانی تری وەک تورکمان و کریستیان و ئێزدیش، دەکرێت ببنە بەشێک لەو ململانێیە، بەتایبەت کە ئێستا هەر یەکە لە تورکمان و کریستیان و هەتا ئێزدییەکانیش تێکەڵ بە گرووپەکانی حەشد بوون، لەژێر ناوی جۆراوجۆر بەشدارن لە ململانێکان کە وا دەکات ئەو پێکهاتانەش ببنە بەشێک لە ململانێکان و دواجار گشتیان سەر بکێشێت بۆ قووڵبوونەوەی ململانێ تائیفی و ئیتنییەکان.

پێش هەموو شتێک دەبێت ئەوە بزانین کە <u>کشانەوەی ئەمریکا تەنیا داواکاریی هێزە شیعەکانە</u>؛ نە کورد و نە سوننە و نە کریستیان و نە تورکمان و نە ئێزدییەکانیش نایانەوێت ئەمریکا لە عێراق بکشێتەوە، چونکە هەموویان ئەوە دەزانن کە کشانەوەی ئەمریکا واتا کۆنتڕۆڵکردنی حکوومەت و دەوڵەتی عێراق لەلایەن گرووپە سەربازی و سیاسییەکانی نزیک لە ئێران؛ حکوومەتێک کە زۆر نزیک دەبێت لەو حکوومەتەی ئێستا حوکمڕانە لە تاران. شیعەکان هەنگاو بە هەنگاو هەرسێ دەزگەی یاسادانان (کە زۆرینەی ئەندامەکانی شیعەی سیاسین) و دادوەری (لە ڕێگەی فایەق زێدان) و جێبەجێکردن (لە ڕێگەی حکوومەتی چوارچێوەی هەماهەنگی)یان کۆنترۆڵ کردووە.

بە پشتبەستن بەم لێکدانەوەیە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا سنووره مەزهەبی و ئیتنییەکان تۆختر دەکاتەوە، بە جۆرێک دیسان عێراق بەسەر سێ ناوچەی ئیتنی و تائیفی دابەش دەبێت: باشوور و ناوەڕاستی شیعە، ڕۆژاوا و و باکوور (ناوچەکانی ئەنبار و مووسڵ) سوننە، لە باکووریش هەرێمی کوردستان. لەگەڵ ئەوەیش هێز و میلیشیا شیعەکان هەرگیز  واز لە ناوچە سوننە و کوردنشینەکان ناهێنن بەکەیفی خۆیان حوکمی خۆیان بکەن، بەڵکوو بەچڕی هەوڵ دەدەن هەژموونی خۆیان بگەیەننە ناوچەکانی ئەنبار و مووسڵ و هەرێمی کوردستانیش؛ ئەوجا چ بە هێز و زەبروزەنگ بێت یان لە ڕێگەی دروستکردنی هێزی سیاسی و سەربازیی خۆجێیی (لۆکاڵی)ی نزیک لە خۆیان. واتا، میلیشیاکان هەوڵ دەدەن ناوچە کێشەلەسەرەکانی وەک دەشتی نەینەوا و کەرکووک و سنجار کۆنتڕۆڵ بکەن. بە ئەگەری زۆر ئەو شوێنانە دەبنە خاڵی بەریەککەوتنی هێزە چەکدارەکانی حەشدی شەعبی و خەڵکی ئەو ناوچانە، بەتایبەت ئەو سنوورەی نێوان عێراق و سووریا، کە بەشێکە لە درێژبوونەوەی هەژموونی سەربازیی ئێران لە عێراقەوە بۆ سووریا و لوبنان و فەڵەستین، بەتایبەت بە هۆکاری بوونی داعش لەو ناوچانە. بۆیە کشانەوەی ئەمریکا لەوانەیە وەک  ساڵی ٢٠١١ ببێتە هۆی دووبارە سەرهەڵدانەوەی شەپۆلێکی تری ناڕەزایی لە ناوچەکانی باکوور و ڕۆژاوای عێراق، واتە ناوچە سوننەنشینەکان، چونکە میلیشیاکان هەوڵ دەدەن هێزی خۆیان بگەیەننە ئەو ناوچانە، بەتایبەت سەر سنووری نێوان سعوودیا و ئوردن. بێجگە لەوەیش چەندان ناوچەی سوننەنشین هەن لە پارێزگاکانی ئەنبار و مووسڵ و دیالە، تا ئێستایش میلیشیاکان چۆڵیان نەکردوون، وەک: ناوچەی جورف و لسەخر و چەند ناوچەیەکی تر لە کەرکووک و دیالە و ئەنبار. کەواتە ئەگەری بەریەککەوتنی ئیتنی و مەزهەبیی نێوان پێکهاتەکان، ئەگەرێکی بەهێزە و فاکتەرێکی سەرەکییشە بۆ دووبارە گەشەکردنی هێزی تیرۆریستیی وەک داعش دوای کشانەوەی ئەمریکا لە عێراق، کە لە تەوەری سێیەمدا تاوتوێی دەکەین.

**سێیەم/ ئەگەری هەستانەوەی داعش**

دە ساڵ پێش ئێستا داعش نزیکەی یەک لەسەر سێی خاکی عێراقی کۆنترۆڵ کرد، سەرەڕای شکستەکەی لە ساڵی ٢٠١٧، بەڵام ڕێکخراوەکە هێشتا ناوبەناو هێرش دەکات و گورز لە هێزە مەدەنی و ئەمنییەکان دەوەشێنێت. هاوپەیمانیی نێودەوڵەتییش بە سەرکردایەتیی ئەمریکا، هەرچەندە لە ساڵی ٢٠٢١دا کۆتایی بە ئەرکی شەڕکردن هێناوە، بەڵام تا ئێستایش نزیکەی ٢٥٠٠ سەربازی ئەمریکی لە عێراقدا هەن؛ هەروەها نزیکەی هەزار کەسیش لە وڵاتانی ئەندامەوە، لە بنکە سەربازییەکانی ژێر فەرماندەییی هێزە عێراقییەکان جێگیر کراون.

هەرچەندە داواکاریی عێراق بۆ کۆتاییهێنان بە ئەرکی سەربازانی ئەمریکا لەسەر زەویدا شتێکی نوێ نییە، زۆربەی لێکۆڵەرە سەربازییەکان باس لەوە دەکەن کە ڕاستە داعش زۆر لاواز بووە بەڵام، نەمردووە و هێشتا کاریگەر و چالاکە لە عێراق. داعش لە ئێستادا لەسەر زەوی بە شێوەی "مەفرەزە و گرووپی بچووک، ئامادەییی هەیە؛ هێشتا مەترسییەکی گەورەیە، بەتایبەت بۆ سەر ناوچەکانی نێوان کەرکووک و سەڵاحەددین لە باکووری عێراقدا.

فازل ئەبو ڕەغیف کە شارەزای بواری ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانە دەڵێت، تا ئێستایش داعش لە چەند شوێنێکی سەرەکیی عێراق ئامادەییی هەیە، وەک: "بەرزاییەکانی مامە لە باکووری ڕۆژاوای کەرکووک و بەرزاییەکانی بادوش و شێخ یونس لە نەینەوا". ئەمە بێجگە لە ناوچە چۆڵەوانییەکانی پارێزگای ئەنبار کە یەک لەسەر سێی ڕووبەری عێراق پێک دەهێنێت؛ واتە زیاتر لە ١٣٨ هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشە لەژێر مەترسیی داعشدایە.

نەک هەر ئەوە بەڵکوو داعش چالاکیی شاراوەیشی هەیە لە ناوچەکانی حسێنییەت لە ناوچەی وادی حوران لە ڕۆژاوای ئەنبار. بەپێی زۆربەی زانیارییەکان، سەرکردایەتیی داعش هێشتا عێراقییەکانن و لە چەند پارێزگایەکی پێشووی کەرکووک، سەڵاحەددین، دیالە، ئەنبار هەن. ڕاستە داعش کۆنترۆڵی ناوچەییی بەسەر زەویدا لەدەست داوە، بەڵام چالاکییەکەی گۆڕاوە بۆ مەترسیی ئەمنی و، سەرکردایەتیکردنیشی لە "ناوەندگەرایییەوە بۆ لامەرکەزییەت" گواستۆتەوە؛ بە جۆرێک کە خۆی گونجاندووە لەگەڵ ئەو دۆخەی کە هەیە.

بەپێی ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکانیش سەرەڕای دابەزینی بەرچاوی ژمارەی سەرکردەکانی داعش و کەمبوونەوەی چالاکییەکانی لە ناوچە جیاوازەکان، بەڵام هێشتا مەترسیی سەرهەڵدانەوەی داعش لە ئارادایە. ساڵی ڕابردوو لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ئەمینداری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان خۆی لە ئەنجومەنی ئاسایش ڕوونی کردەوە کە "ئەو گرووپە تیرۆریستییە سیاسەتی خۆی گونجاندووە بۆ تێکەڵبوونی ئەندامەکانی لەگەڵ دانیشتووانی ناوچەکە، هەروەها وریا بوون لە هەڵبژاردنی ئەو جۆرە شەڕانەی کە زیانێکی سنوورداریان لێ بکەوێتەوە."

سەبارەت بە عێراق، نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژە بەوە دەکات کە داعش لە عێراقدا بەسەر هەشت یەکەدا دابەش کراوە: ئیدارە، ڕاگەیاندن، شەریعەت، دابینکردن، دارایی، بازرگانی، دروستکردنی ماددەی تەقەمەنی و ئازادکردنی دیلەکان، کە بەسەر 10 فرقەی هەرێمی عێراقدا دابەش کراون. وەک دیارە داعش لە ئێستادا ترسی لەدەستدانی ئەندامەکانی هەیە، بۆیە پلانی هەیە زیندانییەکانی ئازاد بکات و سوود لە خەڵکی دەسەڵات

و کۆمەڵگە لەرزۆکەکان وەربگرێت؛ واتە ئایینزا و خەڵکی پەراوێزخراو لە کۆمەڵگەکانیاندا.

داعش لە ڕاستیدا بەرهەمی سیستەمێکە کە لە ناهاوسەنگیی نێوان پێکهاتەکاندا سەر هەڵدەدات، بەتایبەتی ئیسلامی سوننە، سەرهەڵدانی تائیفەگەری و بوونی ئەمریکا کە سێ فاکتەری سەرەکین بۆ سەرهەڵدانی داعش لە عێراقدا. ئەم فاکتەرانە گشتیان لە دۆخی عێراقدا هەن. ئەگەر سەرنج بدەین لەساڵی ٢٠١١وە تا ئێستا داعش تەنیا وەبەرهێنان لە قەیرانەکاندا دەکات و بەڵام ئێستا توانای ئەوەی نییە کە قەیران دروست بکات. لە دۆخی عێراقدا قەیرانەکە خۆی هەیە و، هیچ پێویستی بە دروستکردن نییە؛ تەنیا هێزێکی دەوێت وەبەرهێنانی تێدا بکات، وەک ئەوەی داعش لە ٢٠١٣ و ٢٠١٤دا کردی.

لە ڕووی ژمارەیشەوە داعش ئەو ئامادەباشییەی هەیە، چونکە دوای کشانەوەی ئەمریکا لە ساڵی 2011 و سەرەتای ساڵی 2012، داعش نزیکەی 700 چەکداری لە عێراق هەبووە. ئێستا بەپێی خەمڵاندنەکان لە 3 هەزار بۆ 5 هەزار چەکداری هەیە و سەرچاوەی داراییشی بۆ ١٠-٢٥ ملیۆن دۆلار لەبەردەستە بۆ بەردەوامبوونی؛ بۆیە ئەگەری سەرهەڵدانەوەی هەیە" بەڵام ئەستەمە بتوانێت وەک جاران توانای هێرش و داگیرکردن و بەرگریی هەبێت، بەتایبەت کە ئێستا هێزەکانی عێراق توانا و بەرگری و پێداویستیی جەنگیی باشتریان لەبەردەستە و مەشقی پێویستیشیان بینیوە لەسەر دەستی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی. بۆیە داعش تەنیا دەتوانێت لە کەلێنە ئەمنییەکان سوود وەربگرێت، بەتایبەت لەو ناوچانەی پێگەی هێزە ئەمنییەکان و دەوڵەت تێیدا لاوازە و یان کەلێنێک هەیە لە ئەنجامی لاوازیی ڕێکخستنی ئەمنی.

بەپێی چەند زانیارییەک "دەزگەی هەواڵگریی عێراقی لەم دواییانەدا سەرکەوتوو بوو لە دزەکردن بۆ ناو ڕێکخراوەکە و کۆنترۆڵکردنی چالاکییەکانی و زانینی ژمارە و ڕێکخستن و پێکهاتەکانی"، بەبێ ئەوەی ئەمە پێویستیی بە فڕۆکەی هاوپەیمانان و هەوڵی نێودەوڵەتی هەبێت. بۆیە ئەگەر عێراق بیەوێت کۆتایی بە بوونی ئەمریکییەکان بهێنێت، دەبێت خۆی ئامادە بکات بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە؛ واتە هێزێک بڵاو بکاتەوە کە توانای دابینکردنی پاڵپشتیی لۆجستی و ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و بۆردوومانکردنی شوێنەکانی هەبێت. دەبێت عێراق"بتوانێت سوود لە کۆکردنەوەی زانیاری و بوارە هەواڵگرییەکان لە شەڕی دژی داعشدا ببینێت، ئەگەرنا ئەنجامەکەی باشتر نابێت لەوەی لە ساڵی ٢٠١١دا ڕووی دا کاتێک هێزەکانی ئەمریکا ڕۆیشتن.

شارەزایانی بواری ئەمنی وای دەبینن کە دانوستانە بەردەوامەکانی نێوان عێراق و ئەمریکا ڕەنگە بگاتە ئەو ئاستەی کە زانیارییە کەڵەکەبووەکانی هێزەکانی هاوپەیمانان سەبارەت بە داعش لەگەڵ عێراقدا ئاڵوگۆڕی پێ بکرێت. بەڵام بەدووریش نازانرێت "ئەمریکا بەردەوام بێت لە کۆکردنەوەی زانیاری و چاودێریکردنی داعش لە عێراقدا دوای دەرچوونیشیان، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ڕێکخراوە ڕادیکاڵەکان هەڕەشەن بۆ سەر ئاشتیی نێودەوڵەتی نەک تەنیا عێراق. بۆیە داعش ناتوانێت بگەڕێتەوە سەردەمی پێشووی خۆی، واتە دۆخی دەوڵەت و ڕاگەیاندنی خەلافەت، بەڵام وەک ڕێکخراوێکی هەڵپەرستانە دەمێنێتەوە و هەر کەلێنێک دەقۆزێتەوە بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن و گورزوەشاندن. هەرچەندە بەشێک لە توێژەرانی ئەو بوارە دەڵێن "گەڕانەوەی داعش مومکینە" و "گەورەترین بەڵگەیش بۆ ئەمە ئەوەیە کە دوای کشانەوەی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠١١دا تیرۆر لە فۆڕمی داعش گەڕایەوە."

لە ئێستادا هەرچەندە "دەزگەی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر"ی عێراق (جهاز مكافحة الإرهاب) لەسەر زەوی

ئۆپەراسیۆنەکان ئەنجام دەدات، بەڵام ئەو دەزگەیە "خاوەنی ئەو توانا و تەکنۆلۆژیایە نییە کە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی و ئەمریکا لە ڕووی درۆن (فڕۆکەی بێفڕۆکەوان)، مەشق و ڕاهێنان و زانیاریی هەواڵگری هەیانە." بۆیە بۆ ئەوەی لە مەترسیی داعش تێ بگەین کە ئایا ڕێکخراوەکە توانای دووبارە گەڕانەوەی هەیە، دەبێت ئێستا بەراورد بکرێت بەو کات و دۆخەی کە لە ساڵی ٢٠١١دا هەبوو و، لەگەڵ کشانەوەی تەواویەیی ئەمریکا ڕووی دا. بۆیە هەر یەکە لە کورد و سوننە دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکا ڕەت دەکەنەوە، چونکە بەتەواوی باش دەزانن کە حکوومەتی عێراق لاوازە و، ناتوانێت ڕێگر بێت لە نفووزی هەرێمی و دەستوەردانی دەرەکی دژی ئەو دوو پێکهاتەیە. بۆیە ئێران لە ڕێگەی میلیشیا شیعەکان بەردەوام دەبێت لە دروستکردنی هەڕەشە لە هەرێمی کوردستان و ناوچە سوننییەکان، تورکیاش بەردەوام دەبێت لە شەڕی پارتی کرێکارانی کوردستانی. بۆیە کشانەوەی ئەمریکا ڕێگە بۆ ئەم دوو وڵاتە خۆش دەکات بەکەیفی خۆیان لەناو خاکی عێراقدا گورز لە نەیارەکانیان بوەشێنن، یان بەشدار بن لە دروستکردنی جەنگێکی ئیتنی و تائیفی لە نێوان پێکهاتەکانی عێراقدا.

بۆیە کشانەوەی ئەمریکا لەمساڵدا بەو مانایە دێت کە ئێران بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ئەو بۆشاییە پڕ دەکاتەوە، هەر بۆیەیش سوودمەندی یەکەم نەیارانی سەرەکیی ئەمریکا دەبن لە ناوچەکەدا، بەتایبەت ئەوانەی ناویان لە خۆیان ناوە "بەرەی مقاوەمە". ئێران ئەو بابەتە وەک سەرکەوتنێک بۆ خۆی نیشان دەدات وەک ئەوەی لە ئەفغانستان کردی. جگە لەوەیش میلیشیا شیعەکانی نزیک لە ئێران گەورەترین سوودمەندی کشانەوەی ئەمریکا دەبن؛ پێگەی سیاسی، سەربازی و دارایییان زۆر بەهێزتر دەبێت و ئەزموونی حزبوڵڵای لوبنان لە عێراقدا دووبارە دەکەنەوە. "ئەو کشانەوەیە دەرفەتێکی گەورە بە ڕووسیا و تورکیا و ئێرانیش دەدات بۆ ئەوەی لە قۆناغی دوای کشانەوەی ئەمریکادا ڕێکخستنە ئەمنی و سیاسییەکان لە عێراق و سووریادا جێگیر بکەن و لەسەر ئەجێندای سیاسی ڕێکەوتن بکەن."

ئەمە جگە لەوەی کشانەوەی ئەمریکا لەم دۆخەدا ئاماژەیەکی نەرێنی دەداتە هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا – سعوودیا، وڵاتانی کەنداو و ئیسرائیل- بۆ ئەوەی گومانیان هەبێت لە پشتبەستن بە ئەمریکا و، پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ڕکابەرەکانی ئەمریکا- چین و ڕووسیا- پەرە پێ بدەن. وەک ئەوەی لە ڕێککەوتنی دەستپێکردنەوەی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی نێوان سعوودیا و ئێران بینیمان، هەروەها شکستی ڕیاز لە وەڵامدانەوەی داواکارییەکانی واشنتن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت؛ ئەمە باوەڕێکی لای وڵاتانی ناوچەکە دروست کردووە کە سیاسەتەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا لەسەر بنەمای ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانیانە بەبێ گوێدانە بەرژەوەندیی هاوبەشەکانیان.

- **ئایا لایەنی عێراقی و ئەمریکییەکان ڕەچاوی ئەم مەترسییە دەکەن؟**

بەپێی توێژینەوەیەکی عێراقی کە پشتی بە داتای دامەزراوە فەرمییەکانی عێراق بەستووە، هێرشەکانی ڕێکخراوی داعش لە ساڵی 2023 بە بەراورد بە ساڵی 2020 بە ڕێژەی 88٪ کەمی کردووە. پار ژمارەی هێرشەکانی داعش بۆ کەمتر لە 200 هێرش کەمی کردووە، لە کاتێکدا لە ساڵی 2020دا نزیکەی 1500 کردەوە بووە. لە ساڵی 2023دا داعش 189 هێرشی لە ناوچە جیاجیاکاندا کردووە. بەڵام ئەمە بەتەنیا پێوەر نییە بۆ ئەوەی دڵنیا بین کە داعش توانای هەستانەوەی نەماوە، چونکە ئەو دوو فاکتەری لە سەرەوە باسمان کردن، وا دەکەن داعش هەستێتەوە (هەڵکشانی ڕۆڵی میلیشیاکان و تۆخبوونەوەی جیاوازییە ئیتنی و تائیفییەکان)، بەڵام پێ ناچێت لایەنی عێراقی مەترسیی سەرهەڵدانەوەی تیرۆر یان داعش وەک فاکتەرێک

ڕەچاو بکات لە پرسی کشانەوی هێزەکانی ئەمریکا، بەڵکوو ئەوەی حسابی بۆ دەکرێت گوشاری ئێران و میلیشیاکانی نزیک لە ئێرانە. لە ڕوانگەی مەترسیی داعشیشەوە چەند جارێک لە ئاستی فەرمی لەلایەن سەرۆکوەزیرانی عێراقەوە ئاماژە دراوە کە داعش ئەو توانایەی جارانی نەماوە کە کێشە بۆ هێزەکانیان دروست بکات دوای کشانەوەی ئەمریکا. هەرچی سەرۆکوەزیرانیشە بۆ ئەوەی حکوومەتەکەی لەم دۆخە ناسەقامگیرییە ڕزگار بکات ناچارە بچیتە ژێر ئەجێندای بەرەی دژ بە ئەمریکا و نزیک لە ئێران.

سوپای عێراق لە ساڵی 2023دا لە پلەی 45ی جیهاندایە و خەرجیی بەرگرییەکەی بە نزیکەی 5.7 ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێت. سوپای عێراق نزیکەی ٣٠٠ هەزار سەربازی هەیە، ئەمە بێجگە لە هێزەکانی حەشدی شەعبی؛ بەڵام ڕەنگە ئەمە پێوەر نەبێت بۆ بەهێزی و ئاستی توانای سەربازیی عێراق بەرامبەر داعش، چونکە لە ٢٠١٤ هێزە سەربازییەکانی عێراق لە قەبارەدا کەم نەبوون، لە ڕووی هاوکاری و ڕاهێنانیشەوە هێزەکانی هاوپەیمانان خزمەتی زۆریان پێشکەش بە هێزە سەربازییەکان کرد. هەرچی ئەمریکییەکانیشن بەتایبەت تا کۆتاییی ئەمساڵ ناتوانن عێراق بەجێ بهێڵن، چونکە ئەمە وەک شکستێک و تەسلیمبوونە بۆ ئیدارەی بایدن و دیموکراتەکان بە گوشارەکانی ئێران و بەرەی مقاوەمە. هەرچەندە بەشێک لە ئیدارەی بایدن پاڵپشتی لە کشانەوەی ئەمریکا دەکەن، بەڵام وەک جەنەراڵ ماکنزی فەرماندەی پێشووی هێزەکانی ئەمریکا لە نووسینێکدا لە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزدا دەڵێت، "ئێستا کاتی ئەوە نییە هێزەکانی ئەمریکا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جێ بهێڵن"، چونکە ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە دەتوانێت زیانێکی گەورە بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا بگەیەنێت؛ هەروەها هیوایەک بە تاران دەبەخشێت کە لە ئامانجە درێژخایەنەکەیدا لە ڕێگەی میلیشیا پرۆکسییەکانییەوە سەرکەوتوو بێت لە دەرکردنی ئەمریکا لە ناوچەکەدا.

**کۆتایی و دەرەنجام**

ئەزموونی کشانەوەی ئەمریکا لە عێراق لە ٢٠١١ لە بەرژەوەندیی داعش شکایەوە، دیسان کشاونەوەی ئەمریکا لە ئەفغانستانیش لە بەرژەوەندیی هاتنەوەی تالیبان شکایەوە؛ بۆیە ئاساییە کە هەستانەوەی داعش یەکێک بێت لە لێکەوتە هەرە مەترسیدارەکانی دوای کشانەوەی ئەمریکا لە عێراق. ڕاستە داعش بەو شێوەیەی ئێستا هەیە ناتوانێت ببێتەوە ڕێکخراوەکەی جاران، بەڵام ئەو فاکتەرانەی هانی بەهێزبوونەوەی داعش دەدەن لە عێراقدا (هەر یەکە لە هەڵکشانی پێگەی میلیشیاکان و تۆخبوونەوەی ململانێ ئیتنی و تائیفییەکان)، لە ئەگەری ئەو گوشارەی کە شیعەکان لە ڕێگەی دامەزراوەکانی دەوڵەت لەسەر کورد و شیعەی دەکەن، هاوکاریی زۆری داعش دەکەن بۆ ئەوەی بەهێز بێتەوە و سوود لەم کەلێن و کەلەبەرانەی حوکمڕانیی شیعەکان ببینێت.

تایبەت بە هەرێمی کوردستان، ئەگەر تێبینی بکەن، زۆربەی ئەو هێزانەی داعش کە ماون، لە ناوچە جێناکۆکەکانن (کەرکووک، مووسڵ، دیالە) لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراق، هەروەها لە ناوچە سوننییەکانیش لە پارێزگای ئەنبار. بۆیە دوای کشانەوەی ئەمریکا، چ سوپای عێراق بێت یان میلیشیاکانی نزیک لە ئێران، ئەو ناوچانە دەکەنە مەیدانی شەڕی تیرۆر بۆ مەبەستی سیاسی و ئەجێندای ئەمنی کە دواجار لێکەوتە و مەترسییەکانی لەسەر ناوچەکانی کورد و سوننە دەبێت. بۆیە گرنگە هەر یەکە لە کورد و سوننە گەرەنتیی سیاسی و ئەمنی لە حکوومەتی عێراق و ئەمریکییەکان وەرگرن وەک بەشێک لەو ڕێککەوتنەی عێراق و ئەمریکا بەنیازن ئەنجامی بدەن بۆ کەمکردنەوە و کشانەوەی پلە بە پلەی هێزەکانی ئەمریکا؛ بە جۆرێک کە حکوومەتی زۆرینە شیعە نەتوانێت ئەو دوو لایەنە لە پرۆسەی حوکمڕانی لە عێراقدا

پەراوێز بخات.